هەرێمی كوردستان - عێراق
ئەنجومەنی نیشتمانیی
كوردستان - عێراق

# پرۆتۆكۆڵەكان

# 39

سالٔی/ 2007 – بەرگی سی و نۆ

---

چاپی یەكەم/ سالٔی 2007

# پێرست

پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژماره (25) خولی دووەمی هەڵبژاردن – یەك شەممە 2007/1/7 ل5

پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژماره (26) خولی دووەمی هەڵبژاردن – دوو شەممە 2007/1/8 ل37

پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژماره (27) خولی دووەمی هەڵبژاردن – یەك شەممە 2007/1/14 ل63

پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژماره (28) خولی دووەمی هەڵبژاردن – دوو شەممە 2007/1/15 ل117

پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژماره (1)ی نائاسایی خولی دووەمی هەڵبژاردن – چوار شەممە 2007/1/24ل125

پرۆتۆكۆلی دانیشتنی دەستپێك خولی دووەمی هەڵبژاردن – سێ شەممە 2007/3/13 ل171

پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژماره (1) خولی دووەمی هەڵبژاردن – دوو شەممە 2007/3/26 ل181

پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژماره (2) خولی دووەمی هەڵبژاردن – سێ شەممە 2007/3/27 ل235

پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژماره (3) خولی دووەمی هەڵبژاردن – دوو شەممە 2007/4/2 ل279

پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژماره (4) خولی دووەمی هەڵبژاردن – سێ شەممە 2007/4/3 ل317

پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژماره (5) خولی دووەمی هەڵبژاردن – چوار شەممە 2007/4/4 ل343

پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژماره (6) خولی دووەمی هەڵبژاردن – سێ شەممە 2007/4/10 ل385

پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژماره (7) خولی دووەمی هەڵبژاردن – چوار شەممە 2007/4/11 ل445

پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژماره (8) خولی دووەمی هەڵبژاردن – شەممە 2007/4/14 ل549

پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژماره (9) خولی دووەمی هەڵبژاردن – دوو شەممە 2007/4/16 ل577

2. ئەنجومەنی وەزارەتەکە، بۆی هەیە، هەر کاتێ پێویست بکا، بەڕێوەبەرایەتی و، لق و، بەش و، هۆبەی نوێ بکاتەوە یان یەکیانیخا، یان ئیلغایان بکات.

**ماددەی هەشتەم:** یاسای ژمارە (10) ساڵی (1992)ی وەزارەتی کشتوکاڵ و ئاودێریی ئیلغا دەکرێ.

**ماددەی نۆیەم:** وەزیر، بۆی هەیە، رێنماییگەلی پێویست، بۆ ئاسانکردنی بەجێهێنانی حوکمەکانی ئەم یاسایە دەربهێنێ.

**ماددەی دەیەم:** هەر دەقێ، لەگەڵ حوکمەکانی ئەم یاسایەدا نەگونجێ، کاری پێ ناکرێ.

**ماددەی یازدە:** پێویستە لەسەر وەزیرە پێوەندیدارەکان، حوکمەکانی ئەم یاسایە بخەنە کار.

**ماددەی دوازدە:** ئەم یاسایە لە رۆژی بلاْوکردنەوەی لە (وەقائعی کوردستان)ـەوە، کاری پێ دەکرێ.

## ***هۆکارەکانی دانانی ئەم یاسایە***

ژینگە (خاك و ئاو و هەوای) کوردستان، بۆ کشتوکاڵ زۆر لەبارە. خاکی بە پیتە و، سامانی ئاوی زۆرە. کوردستان بەر لە هەزاران ساڵ وڵاتێکی بە کشتوکاڵ و بە نان و خوان بووە و، لەم رووەوە پێشەنگی وڵاتانی رۆژهەڵات بووە. وەلێ زوڵمی کاول کاری و ڕاگواستن و دەرکردن و، خەڵك لە کۆمەڵگای زۆرە ملێ ئاخنین و، داپۆشینی زەوی وزاری بە پیت و بەرەکەتی کوردستان بە شرەخانوو چادرگای نا هەموارو، بێ بەش لە ئەسبابی ژیان، کە حکومەتە یەك لە دوا یەکەکانی عیراق بە داخ لە دڵی و رکی شۆڤینی و کینەی دوژمنایەتی بەسەر گەلی کوردستانیاندا هێنا، ئەمانە، هەمووی بوونە هۆی کوێر بوونەوەی کشتوکاڵ و سەرەنجامیش فەلاو وەرزێران کە رەنێوهێنی بە هێزی کشتوکاڵ بوون و، خاوەن سفرە و دیوەخان بوون، بە ناچاری بوون بە نانخۆری بێ خەلەو خەرمان و، بەکاربەری (مستهلك) بێ بەروبووم. ئەمە سەرباری ئەوەش کە یاساو بەیانئامەو تەعلیماتی کوێرانەی پڕ لە کینە بۆ کوێرکردنەوەی کانی و چاوگەکانی ئاوو کاولکردنی جۆگەو جۆبارو سووتاندنی دارستان و ریشە کێشکردنی رەزو باخ و بێستان، دەردەکراو سەرپاکیشی مینڕێژکراو بە ناوچەگەلی حەرام دانران. جا بۆ ئەوەی ئاسەواری ئەم هەموو کاولکارییە نە مێنێ و، کێشە و گرفتی گوندەکان تەخت بکرێن و، رەنێو هاتی کشتوکاڵ باشتر بکرێ و بەرەو چاکتر بگۆڕدرێ و، وەخزمەتهێنانی پڕ بەپێست (الاستخدام الامثل) بۆ هێزی کارو توانستی سروشتی لە کوردستاندا بڕەخسێ و، کە شو هەوایەکی لە بار بۆ بنیادنانەوەی ژێرخانی کەرتی کشتوکاڵ پەیدا بکرێ و، ئامانجی خۆشگوزەرانی و، خۆگوزەرانی (الاکتفاء الذاتي) بێتە دی و، ئاسایشی خۆراکسازی وەدەست بێت و، کۆچی پێچەوانەش دەست پێ بکاو، ژیانێکی ئاسوودەو بەختیاریش بۆ دێهات و گوندی کوردستان دابین بکرێ و، فەلاو وەرزێرو رەزەوان و باخەوانەکانیشیان، بچنەوە سەر زێدی خۆیان، لەبەر ئەوانە، هەمووی، دانانی ئەم یاسایە بە پێویست زانرا.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله (د.کمال کەرکووکی):**

**بەڕێزان، پرۆژەی یاسای وەزارەتی کشتوکاڵ لە هەرێمی کوردستان بدرێتە لیژنەی یاساو لیژنەی کشتوکاڵ و یەکە یەکە ئەندامەکانی پەرلەمانی کوردستان، بۆ وردبینەوەو تێبینیان و موناقەشە کردن لەسەری لە دانیشتنی داهاتوو، زۆر سوپاس، ئێستاش بفەرموون بۆ خاڵی دووەم و خوێندنەوەی یەکەمی پرۆژەی یاسای وەزارەتی کاروباری کۆمەڵایەتی لە هەرێمی کوردستان.**

**بەڕێز محمد صالح اسماعیل:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**یاسای وەزارەتی کارو کاروباری کۆمەڵایەتی هەرێمی کوردستان – عێراق**

**ماددەی یەکەم: ئەم دەستەواژانەی لە خوارەوە هاتوون ئەم واتایانەی بەرامبەریان دەگەیەنن:**

1-**هەرێم: هەرێمی کوردستان – عێراق.**

2- **وەزارەت: وەزارەتی کارو کاروباری کۆمەڵایەتی.**

3- **وەزیر: وەزیری کارو کاروباری کۆمەڵایەتی.**

4- **بریکاری وەزارەت: بریکاری وەزارەتی کارو کاروباری کۆمەڵایەتی.**

5- **ئەنجومەن: ئەنجومەنی وەزارەتی کارو کاروباری کۆمەڵایەتی.**

**ماددەی دووەم: وەزارەت ئەم ئەرکو فرمانانەی خوارەوە لە ئەستۆ دەگرێ:**

1-**بەرجەستە کردنی نرخی مرۆیانەی کارکردن و پشتیوانی لێکردن و سەرپەرشتی کردنی بەو باوەڕەی کۆمەڵگەیەکی بنچینەییە لە هێنانەدی ئەو پەرەسەندنەی کە لە هەموو بوارەکانی هەرێمدا دەبیندرێ.**

2- **کارکردن لە پێناوی ئەوەی بیمەی کۆمەڵایەتی هەموو کرێکاران بگرێتەوەو چاودێری کۆمەڵایەتی پێویست خۆیان و خێزانەکانیان بگرێتەوە.**

3- **ماوەی کار کردنی یەکسان بۆ هەموو خاوەن توانایەکی کار کردن دابین بکرێ، بەو باوەڕەی کە کارکردن ماف و ئەرکەو پێویستە بۆ بەشداریکردن لە بنیاتنانی کۆمەڵگەو پەرەسەندنی.**

4- **بلاّو کردنەوەی هۆشیاری پیشەیی، بە جۆرێك شوێنی کار کردن و مرۆڤ و کەرەستەکان بپارێزێ، بۆ ئەوەی سنوور بۆ کارەسات و بریندار بوون بەهۆی کار کردن و نەخۆشیەکانی پیشەیی دابندرێ و بەشداری کردن لە ئامادە کردنی کادری پیشەیی بەپێی پێداویستیەکانی بازاڕی کار.**

5- **ئەو پەڕی بایەخدان بە پرۆسەی خۆ پاراستن لە لاساری و چاودێری کردنی ئەو خێزانانەی کە گیروگرفتی کۆمەڵایەتیان هەیەو دەست گرتنیان تاوەکو بارودۆخەکەیان رێك دەخرێ بە جۆرێك بتوانن لە بنیاتنانی کۆمەڵگە بەشداری بکەن بەهۆشیاری و دڵسۆزیەوە.**

6- **پەرەپێدانی کۆمەڵگە بەجۆرێك بەشداری کاریگەرانە لە پرۆسەی گواستنەوە بەرەو قۆناغی دیموکراسی دابین بکات و رێز لە مافەکانی مرۆ بگرێت لە رێگەی گۆڕینی ئەو دیاردە کۆمەڵایەتیانەی رێگا لە پەرەسەندنی کۆمەڵایەتیەوە دەگرن.**

7- بایەخدان بە چاودێری کردن و ئامادە کردنی نەوجەوانان و پەککەوتەکان لە لایەنی پەروەردەیی و پیشەیی و رەوشتەوە بە جۆرێك لە پرۆسەی بوژانەوەو بنیاتنانی هەرێمدا هاوبەش کردنیان مسۆگەر بکات و لا بردنی هۆکارەکانی دەروونی و کۆمەلآیەتی کە رێگا لەو کارە دەگرن.

8- دابینکردنی چاودێری کۆمەلآیەتی و دەروونی بۆ خێزانەکانی قوربانیانی پرۆسەکانی ئەنفال و چەکی کیمیاوی و دابینکردنی چاودێری کۆمەلآیەتی و دەروونی و ئابووری پێویست بە جۆرێك هاوسەنگ بێت لەگەلّ هەموو ئەو کارەساتانەی کە رووبەڕوویان بووەتەوە.

9- ئامادە کردنی هاوولآتیان لە لایەنی پیشەیی و کۆمەلآیەتیەوە لە میانەی یارمەتیدانیان بۆ دامەزراندنی پرۆژەکانی بەرهەمهێنانی خێزانی.

10- کارکردن بەهاوکاری هۆیەکانی راگەیاندنی هەمەجۆرەوە لە پێناو وشیار کردنەوەی کۆمەلگاو بلآو کردنەوەی پرەنسیپەکانی مرۆییانە لە رێگای کردنەوەی خول و سەردانی خێزانەکان.

11- کارکردن لە پێناو نەهێشتنی دیاردەی هەژاری و نەداری لە هەرێمدا لە رێگای پێشەکش کردنی هاوکاری دارایی پێویست بۆ ئەو نەدارانەی کە توانای کارکردنیان نییە.

12- بەشداری کردن لەسەر ئاستی عێراقی و نێو دەولّەتیەوە لە جموجۆلّەکانی پەیوەست بە تایبەتمەندیەکانی وەزارەتەوە.

ماددەی سێیەم:

یەکەم: وەزیر: سەرۆکی بالآو بەرپرسی ئیش و کارو ئاراستە کردنی وەزارەتە, بە چاودێری ئەوەوە هەموو بڕیارو فەرمان و رێنماییەکان لێیەوە دەردەچن و بەسەر پەرشتی ئەوەوە جێ بەجێ دەکرێن لە گشت ئەو شتانەی پەیوەستن بە ئەرك و فرمانەکانی وەزارەت و پێکهاتەکان و دەسەلآتەکانیان هەر کاروبارێکی هونەری و دارایی و رێکخستنی بەپێی حوکمەکانی یاسا.

دووەم: بریکاری وەزارەت: هاوکاری وەزیر دەکات لە ئاراستە کردنی وەزارەت و سەرپەرشتی کردنی کاروبارەکانی بەپێی ئەو دەسەلآتانەی کەپێی دەسپێردرێ و دەبێ خاوەن بڕوانامەیەکی بەرایی زانکۆ بێت.

سێیەم: راوێژکاران: نابێ لە چوار کەس پتر بن و دەبێ خاوەن بڕوانامەیەکی بەرایی زانکۆ بن و خاوەن ئەزموون و کارامە بن.

ماددەی چوارەم: وەزارەت لەمانە پێك دێت:

1-نووسینگەی وەزیر: فەرمانبەرێك خاوەن بڕوانامەی بەرایی زانکۆ سەرۆکایەتی دەکات و چەند فەرمانبەرێك هاوکاری دەکەن.

2- نووسینگەی بریکاری وەزیر: فەرمانبەرێك خاوەن بڕوانامەی بەرایی زانکۆ بەڕێوەی دەبات و چەند فەرمانبەرێك هاوکاری دەکەن.

مادەی پێنجەم: لە وەزارەت ئەنجومەنێك پێك دێت بەناوی (ئەنجومەنی کاروباری کۆمەلآیەتی) و لەوانە پێك دێت:

1-وەزیر: سەرۆك.

2- بەڕێوەبەرە گشتیەکانی وەزارەت: ئەندامن.

3- نوێنەرانی هەریەك لەم وەزارەتەکانی (داد, خوێندنی باڵا, پەروەردە, مافەکانی مرۆڤ, تەندروستی) کە نابێ پلەیان لە بەڕێوەبەری گشتی کەمتر بێت: ئەندام.

4- نوێنەری یەکێتیی گشتی سەندیکای کرێکاران لە هەرێمدا: ئەندام.

5- نوێنەری یەکێتیی ژوورەکانی پیشەسازی و بازرگانی لە هەرێمدا: ئەندام.

6- نوێنەری یەکێتی ئافرەتانی هەرێم: ئەندام.

7- نوێنەری یەکێتییەکانی پەککەوتە لە هەرێمدا: ئەندام.

8-سێ کەس لە خاوەن ئەزموون و پسپۆڕ لە دەرەوە یان لە ناو وەزارەتەوە, بە پێشنیاری وەزیر دەبێت: ئەندامن.

ماددەی شەشەم:

1-ئەنجومەن بەسەرۆکایەتی سەرۆك یان جێگرەکەی لە کاتی ئامادە نەبوونی کۆ دەبێتەوە بە ئامادە بوونی دوو لەسەر سێی ئەندامەکانی.

2- لە هەر سێ مانگ جارێك ئەنجومەن کۆبوونەوەی ئاسایی خۆی گرێدەدات و سەرۆك بۆی هەیە, بەدەر لەو کۆبوونەوانە, ئەگەر پێویست بوو بانگەشە بۆ کۆبوونەوە بکات.

ماددەی حەوتەوم: ئەنجومەن ئەم دەسەڵاتانەی خوارەوەی هەیە:

1-نەخشە بۆ سیاسەتی گشتیی وەزارەت بکێشێ و ئامانجەکانی لە ژێر رۆشنایی حوکمەکانی ئەم یاسایە دیار دەکات و ئەو بنەما کارگێڕی و هونەری و ئابووری و داراییانە دەست نیشان بکات, کە بە باشیان دەزانێ بە جۆرێك خزمەت بە ئامانجەکانی وەزارەت بکات.

2- گتفوگۆ کردن لەسەر پلانەکانی سەرەتایی کورت خایەن و ناوەندی و درێژخایەن کە فەرمانگەکانی وەزارەت ئامادەیان دەکەن و بیروڕای خۆی دەربارەیانەوە دەردەبڕێ و راسپاردەکانی خۆشی لەبارەیانەوە پێشکەش دەکات.

3- پێشنیار کردن بۆ رێکخستنی زیادەی وەبەرهێنانی سەرمایەی فەرمانگەکانی سەر بە وەزارەت و دیار کردنی رووکانی وەبەرهێنانەکە بەپێی بەرژوەندی گشتیی و یاساکانی بەرکارو رێنماییەکانی دارایی.

4- چاودێری کردنی بەردەوامی جێ بەجێ کردنی پلان و دەربڕینی تێبینیی و راسپاردەکان لەم بارەیەوە.

5- لێکۆڵینەوە لە پرۆژەی ئەو یاسایانەی کە وەزارەت بەنیازە پێشنیاریان بکات.

6- گفتوگۆ کردن لەسەر راپۆرتی گشتیی بەردەوام سەبارەت بە کارەکانی وەزارەت کە فەرمانگەی پلاندانان و بەدواداچوون ئامادەی دەکات و دەربڕینی تێبینی و راسپاردەکان لەم بارەیەوە.

7- لێکۆڵینەوە لە هەموو ئەو شتانەی کە وەزیر دەیان خاتەڕوو و دەربڕینی رای خۆی لە بارەی پێشنیارو راسپاردەکانیان پێشکەش بکەن.

**ماددەی هەشتەم: پشکێنەری گشتیی:** بە پلەی بەڕێوەبەری گشتیی دەبێ, چەند فەرمانبەرێکی خاوەن ئەزموون و پسپۆڕ هاوکاری دەکەن, ڕاستەوخۆ پەیوەندی بە وەزیرەوە دەبێ, پشکنینی فەرمانگەکانی چاودێری کۆمەلأیەتی و تۆڕی پاراستنی کۆمەلأیەتی و پەناگەکانی دەوڵەت و چاکسازی کۆمەلأیەتی دەگرێتە ئەستۆ.

**ماددەی نۆیەم: بەڕێوەبەرایەتی گشتیی کاروباری کارگێڕی و دارایی:**

فەرمانبەرێك بە پلەی بەڕێوەبەری گشتیی خاوەن بڕوانامەی بەرایی زانکۆ بەڕێوەی دەبات و لەمانە پێك دێت:

1-بەڕێوەبەرایەتی کارمەندان.

2- بەڕێوەبەرایەتی کارگێڕی.

3- بەڕێوەبەرایەتی کاروباری دارایی.

4- بەڕێوەبەرایەتی کاروباری یاسایی.

5- بەڕێوەبەرایەتی چاودێری و وردبینی ناوخۆیی.

6- بەڕێوەبەرایەتی ڕێکخستن و پەرەپێدان.

7- بەڕێوەبەرایەتی ڕاگەیاندن و هۆشیار کردنەوەی کۆمەلأیەتی.

**ماددەی دەیەم: بەڕێوەبەرایەتی گشتیی پلاندانان و بەدواداچوون:** بەڕێوەبەرێکی گشتیی خاوەن بڕوانامەی بەرایی زانکۆ خاوەن ئەزموون و کارامە بەڕێوەی دەبات و لەمانە پێك دێت:

أ-بەڕێوەبەرایەتی پلاندانان.

ب- بەڕێوەبەرایەتی پرۆژەکانی ئەندازەیی و چاککردنەوە.

ت- بەڕێوەبەرایەتی ئامار.

ث- بەڕێوەبەرایەتی بەدواداچوون و هەڵسەنگاندن.

ج- بەڕێوەبەرایەتی سەرپەرشتیاری پەروەردەیی.

**ماددەی یازدەم: بەڕێوەبەرایەتی گشتیی دەستەبەریی کۆمەلأیەتی:** بەڕێوەبەرێکی گشتیی خاوەن بڕوانامەی بەرایی زانکۆ پەیوەست بەکاری فەرمانگە سەرۆکایەتی دەکات و پیادە کردنی یاسای کارو یاسای خانەنشینی و دەستەبەری کۆمەلأیەتی کرێکاران لەو پرۆژانەی حوکمەکانی هەردوو یاساکە ئاماژەیان بۆ کرد, دەیانگرێتەوە لە کەرتی تایبەت و تێکەلأوو هەرەوەزی لە ئەستۆ دەگرێت و خزمەتگوزاریە پیشەسازیەکان ڕێك دەخات و سەرپەرشتی کارەکانی فەرمانگەی ئەنجومەنی بەڕێوەبردنی سندوقی دەستەبەری خانەنشینی کرێکارەکان دەکات و خاوەنی کەسایەتی مەعنەویەو ئەستۆی دارایی خۆی هەیە و لە لایەنی کارگێریەوە سەربەخۆیە.

ئەم کارانەش لە ئەستۆ دەگرێت:

1-ڕێکخستنی پەیوەندیەکانی کار لە نێوان خاوەن کارەکان و کرێکاران لە میانەی دەستنیشانکردنی پابەندیەکان و مافەکانی هەریەکێکیان.

2- هاوکاریکردن و رادە دانان بۆ بێ کاری لە رێگای پەیدا کردنی ماوەی کار کردنی یەکسان بۆ بێ کاران و پیشتگیری کردنی پێویست بۆ دەرچووانی دەزگاکانی پیشەسازی و بۆ کردنەوەی شوێنەکانی تایبەتی بەخزمەتگوزاریە پیشەسازییەکان.

3- راهێنانی کرێکارانی نوێ و کارامەکردنیان لە جۆرەها پیشەدا و پەرەپێدانی ئەزموونی راهێنەران و سەرپەرشتیاران بەپێی پێداویستیەکانی بازاری کار.

4- دیار کردنی نزمترین رادەی کرێی کرێکارانی رانەهاتوو, کە نابێت رێککەوتن لەسەر کەمتر لەو کرێیە بکرێ و پێویستە پاراستنی یاساییان بۆ دابین بکرێ.

5- دابینکردنی پاراستنی پێویست بۆ دایکانی کرێکار, وەك پێداویستیەکانی دایکایەتی و پەروەردە کردنی منداڵان و رێکخستنی کاری نەوجەوانان بەو ئاستەی کە رێگای پێ دراوە, بەپێی یاسا کە تەمەنیان لە نێوان (15 – 18) ساڵ دەبێت و پاراستنیان لە ترسناکیەکانی کارو نەخۆشیە پیشەییەکان.

6- بلاْو کردنەوەی هۆشیاری پیشەیی بە جۆرێك مرۆڤ و کەرەستەو کارگەی پێ بپارێزرێت لە میانەی نەهێشتنی, یان کەمکردنەوەی بریندار بوون بە هۆی کارەوە.

7- دابینکردنی بیمەی کۆمەلاْیەتی بۆ ئەو کرێکارانەی دەکەونە ژێر سیبەری حوکمەکانی یاسای کار و یاسای خانەنشینی و دەستەبەری کۆمەلاْیەتی, کە دەبێتە هۆی دلْنیا بوونی کرێکار سەبارەت بە دوارۆژی خێزانەکەی لە دوای خۆیدا, ئەوەش کرێکار هاندەدا بەدلْسۆزی کار بکات و دەبێتە هۆی زۆر بوونی بەرهەم لە لایەنی چەندایەتی و چۆنایەتیەوە.

8- رێکخستنی خزمەتگوزاریەکانی پیشەسازی لە جۆرەها پیشەوەو هەموو پرۆژەکانی دەکەونە ژێر سێبەری یاسای رێکخستنی خزمەتگوزاریە پیشەسازیەکان تۆمار بکرێن و کار کردن لە پێناو جێنشین کردنیان لە کۆمەلگای تایبەتیەوە بە جۆرێك خزمەتگوزاری پێویستیان بۆ دابین بکرێ, بۆ ئەوەی کارەکانیان ئەنجام بدەن و پەرەی پێ بسێنن.

9- پێشکەش کردنی قەرز بۆ خێزانان, بۆ دامەزراننَدن و پەرەپێدانی پرۆژەی بچووك, بۆ بەدەست خستنی داهات بۆیان, بەپێی یاسایەکی تایبەت بۆ ئەم مەبەستە.

بەڕێوەبەرایەتی گشتی کاروبیمەی کۆمەلاْیەتی لەمانە پێك دێت:

1-سەنتەری بەڕێوەبەرایەتی گشتی بەش و هۆبەو ئەرکەکانی بەپێی رێنمایەکان و پێداویستیەکانی کار دەستنیشان دەکرێ.

2- بەڕێوەبەرایەتیەکانی کارو دەستەبەری کۆمەلاْیەتی لە پارێزگاکاندا.

3- بەڕێوەبەرایەتیەکانی بەکارخستن و راهێنانی پیشەیی لە پارێزگاکاندا.

**ماددەی دوازدەم: بەڕێوەبەرایەتی گشتی چاودێری کۆمەلأیەتی: فەرمانبەرێك بە پلەی بەڕێوەبەری گشتی خاوەن بڕوانامەیەکی بەرایی زانکۆ و خاوەن ئەزموون و کارامە سەرۆکایەتی دەکات.**

**ئەم ئەرك و فەرمانانەش دەگرێتە ئەستۆ:**

**1-پەککەوتەکان:**

**أ-نوێکردنەوەو زیاد کردنی پەیمانگەکانی ئامادە کردن و وانەوتنەوە بە پەککەوتەکان و دانانی پرۆگرامی وا کە بتوانن بەدوا قۆناغەکانی خوێندن بگەن.**

**ب- زیاد کردنی پەیمانگەکانی ئامادە کردن و ڕاهێنانی پیشەیی و یارمەتیدانیان بۆ ئەوەی پشت بە خۆیان ببەستن بۆ پەیدا کردنی ماوەی کارکردن.**

**ج- هۆشیار کردنەوەی کۆمەلگا بە بۆچوونی نوێ بۆ وەرگرتنی مندالی پەککەوتەو لەگەلّ کۆمەلگادا تێکەلأو بکرێتەوە.**

**2- دایەنگەکان:**

**أ-مۆلەتدانی پێویست بەکردنەوەی دایەنگەکانی ئەهلی و نیمچە حکومی و حکومی و ئاسانکاریان پێشکەش بکرێ.**

**ب- سەرپەرشتی کردنی هەموو دایەنگەکانی ئەهلی و نیمچە حکومی و حکومی, بۆ دلنیابوون لە مەرج و بەرزەفتکاریەکانی پێویست.**

**ج- خولی تایبەتی بۆ دایەنەکان لە هەموو دایەنگەکان بکرێتەوە بۆ پەرپێدانی تواناکانیان.**

**د- ئەو خالأنەی سەرەوە بەپێی پەیڕەوێکی تایبەتی بەسەر دایەنگەکان پیادە دەکرێ.**

**3- خانەکانی دەولەت:**

**أ-هاندانی خێزانە بەدیلەکانی هەموو ئەو مندالأنەی لە دایەنگەکانن بەپێی ئەو ڕێنماییانەی کە بۆ ئەم مەبەستە دەرکراون.**

**ب- دابینکردنی شوێنی نیشتەجێ بوونی گونجاو و چاودێری کردنی تەواو بۆ هەموو ئەو مندالأنەی یاسای چاودێری کۆمەلأیەتی دەیانگرێتەوە, بەردەوامبوونیان لە خوێندندا بۆ دابین بکرێ.**

**ج- دابین کردنی دایەنگەی تایبەتی بۆ مندالأنی تازە لە دایك بوو و بێ کەس و دابین کردنی پێداویستیەکانی یاسایی بۆیان بۆ ئەوەی بەپێی ڕێنمایی تایبەت تەبەنی بکرێن.**

**د- دابین کردنی ژیانێکی هێمن بۆ ئەو پیرانەی بەدەست لێك هەلوەشانەوەی خێزانیەوە دەنالێنن, لە شوێنێکی گونجاو نیشتەجێ بکرێن و بە ڕێك و پێکی چاودێری بکرێن.**

**4- سەنتەری دەستنیشانکردنی پەککەوتەیی پێش وەختە و کارەکانی بەهەماهەنگی لەگەلّ وەزارەتی تەندروستی ئەنجام بدات.**

**بەڕێوەبەرایەتی گشتی چاودێری لەمانەی خوارەوە پێك دێت:**

**أ-بەڕێوەبەرایەتیەکانی پەککەوتە لە پارێزگاکان.**

**ب- بەڕێوەبەرایەتی خزمەتگوزاریە کۆمەڵایەتیەکان لە پارێزگاکاندا.**

**ماددەی پازدەم: بەڕێوەبەرایەتی گشتیی بووژاندنەوەی کۆمەڵایەتی: فەرمانبەرێك بە پلەی بەڕێوەبەری گشتی خاوەن بڕوانامەی بەرایی زانکۆ و خاوەن ئەزموون و کارامە سەرۆکایەتی دەکات و, ئەنجومەنی بەڕێوەبردنی سندوقی بووژاندنەوەی ئابووری و کۆمەڵایەتی سەرپەرشتی کارەکانی دەکات و کەسایەتی مەعنەوی هەیە و, لە لایەنی دارایی و کارگێڕیەوە سەربەخۆیە.**

**ئەمانەش دەگرێتە ئەستۆ:**

**أ-ئەوپەڕی بایەخدان بە تواناکانی منداڵ و فێرکردنی بە پێداویستەکانی ژیان لەمیانەی کردنەوەی سەنتەرەکان بۆ ئەم مەبەستە.**

**ب- پێشکەش کردنی یارمەتی دارایی بۆ ئەو خێزانانەی مووچەی چاودێری خێزان دەیانگرێتەوە.**

**ج- دروستکردنی دانوستاندنی دیموکراسیانە لەنێوان تاکەکانی خێزان, لە رێگەی توێژەرەوەکان و بەشداری کردن لە چارەسەر کردنی گیروگرفتە کۆمەڵایەتیەکانی رووبەڕووی خێزانەکان دەبنەوە.**

**د- چارەسەر کردنی ئەو شوێنەوارانەی کە لە بارو و دۆخەکانی لێك هەڵوەشانەوەی خێزان دێتەکایەوە لە رێگەی کردنەوەی سەنتەرەکانی تایبەت بەم مەبەستەوە.**

**هـ- پشتگیری کردنی جموجۆڵەکانی رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی بەجۆرێك لەگەڵ ئامانج و بۆچوونەکانی وەزارەت بگونجێت.**

**و- دامەزراندنی پرۆژەکانی وەبەرهێنان بۆ خزمەتکردنی بووژانەوەی کۆمەڵایەتی و رێبازی دیموکراسی.**

**بەڕێوەبەرایەتی گشتی بووژانەوەی کۆمەڵایەتی لەمانە پێك دێت:**

**1-سەنتەری بەڕێوەبەرایەتی گشتی بەش و هۆبەو گرنگیەکانی بەپێی رێنماییەکان و پێداویستیەکانی کار دیاری دەکرێت.**

**2- بەڕێوەبەرایەتیەکانی بووژانەوەی کۆمەڵایەتی لە پارێزگاکان.**

**3- بەڕێوەبەرایەتیەکانی پاراستنی منداڵی لە پارێزگاکاندا.**

**ماددەی سێزدەم: بەڕێوەبەرایەتی گشتی چاکسازی کۆمەڵایەتی: فەرمانبەرێك بە پلەی بەڕێوەبەری گشتی سەرۆکایەتی دەکات و لەمانە پێك دێت:**

**1-بەڕێوەبەرایەتی چاکسازی گەورەکان لە هەر پارێزگایەك لە پارێزگاکانی هەرێمدا.**

**2- بەڕێوەبەرایەتی چاکسازی ئافرەت و نەوجەوانان لە هەر پارێزگایەك لە پارێزگاکانی هەرێمدا.**

**ماددەی چواردەم:**

**یەکەم: ئەرك و تایبەتمەندی و دامەزراوەکانی وەزارەت بەپێی سیستەمێك دیاری دەکرێت.**

**دووەم: وەزیر بۆی هەیە رێنمایی پێویست بۆ ئاسان کردن و جێ بەجێ کردنی حوکمەکانی ئەم یاسایە دەربکات.**